# ئایا چەپی کوردیش دەتوانێت بدوێت؟

سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی، کۆلۆنیالیزم، کێشەکانی کۆمەڵە و چەپی ئێرانی

**پێشڕەو محەمەد**




١٦ی کانونی دووەم ٢٠٢٢   توێژینەوە

## دەروازە

بەبێ گومان لە مێژوودا هیچ کەس و ئایدیایەک هێندەی مارکس و مارکسیستەکان گرنگییان بە چارەنووسی گەل و نەتەوە بندەستەکان نەداوە. بەپێچەوانەوە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم هەمیشە بوونەتە هۆی دابەشکردن و ژێردەستەکردنی گەل و نەتەوە جیاوازەکان. ئەگەر زۆر دوور

نەڕۆین و هەموو مێژوو بەسەر نەکەینەوە، بارودۆخی هەنووکەییی کورد بەرهەمی دابەشکاریی ئیمپریالیستییە. ئەوە هێزە براوە ئیمپریالیستەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم بوون لەسەر داروپەردووی ئیمپراتۆریەتە ڕووخاوەکان، نەمسا-هەنگاریا و عوسمانیی، دەستیان بە دابەشکردنی نەتەوەکان کرد و جوگرافیای تازەیان دەکردەوە و جوگرافیا کۆنەکانیان دەشێواند. ئەمە ڕاستییەکە بۆ هەموو مێژووی مرۆڤایەتی ڕوونە.

لە ئاکامی دابەشکارییەکاندا، کورد بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرا، کە تا ئێستاش لە عێراق بترازێت، مافی کوردەکان لە هیچ شوێنێکی ئەو وڵاتانەی دیکە بە فەرمی نەناسێنراوە و جیهانی سەرمایەداریی لیبراڵ-دیموکرات ڕۆژ بە ڕۆژ قەیرانەکان و بێمافییەکانی قووڵتر کردووەتەوە و بێگومان هەمووانیش ئەوە دەزانن کە وڵاتە بەهێزە پێشەسازییەکان بەردەوام پشتگیریی ئەو سەرۆک و سەرکردە و ڕژێمە دیکتاتۆرییانەیان کردووە کە کورد لەو ڕژێمانەدا بە فراوانیی چەوسێنراوەتەوە. بۆ تێگەیشتن لە دۆخی مانەوەی کورد وەک گەلێکی پاشکۆ، چ وەک گروپێکی نەتەوەیی و ژێردەستەی گەلانی سەردەست، چ لە ڕوانگەی سیاسی و چینایەتییەوە و هەمیش نەبوونی ئایدیا و سیاسەتێکی سەربەخۆی مارکسیستیی بۆ ڕزگاریی چینایەتی، پێویستە لە کورتە مێژووی مارکسیزم و پرسی نەتەوەیی و هەروەها مانەوەی ڕەهەندی کۆلۆنیالیستی چەپی ئەو وڵاتانە تێبگەین کە کورد تێیاندا ژێردەستەی گەلی سەردەستە.

# مارکسیزم و پرسی نەتەوەیی

کوردەکان هاوشـێوەی جوولەکەکانی کۆتایی سـەدەی نۆزدە و سـەرەتای سەدەی بیست، هەمیشە بەرەو ئاراستەی ئایدیای کۆمۆنیستەکان ڕۆیشتن، ئەویش بەو هۆیەی چەپەکـان لە ئـاسـتی دونیـادا، لە تیۆر و پراکتیکـدا پشتیوانییان لە مافەی چارەی خۆنووسینی گەلە جۆراوجۆر و بندەستەکان دەکرد. نامیلکە بەناوبانگەکەی ***لینین*** «مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان» (١٩١٥) دوو ساڵ پێش شـۆڕشـی ئۆکتۆبەر، هەم لە تیۆر و هەم پاشـانیش وەک بەڵگەنـامەیەک بۆ کـارپێکردن، بووە بە بەڵگەنـامەیەکی مێژوویی کە مارکسیستەکان هەمیشە ویستوویانە و کاریشیان بۆ ئەوە کردووە گەلە بندەستەکان ئازاد ببن.

لینین و ترۆتسکی ناو لە ڕووسیا دەنێن «زیندانی گەورەی نەتەوەکان»، پێشتر مارکس و ئەنگڵس بە فراوانی باسیان لە سەربەخۆیی نەتەوەی ئیرلەندا کردبوو. مارکس ڕاشـکاوتر بوو بەراورد بە ١٨٤٨ کاتێک گوتبووی «کرێکـارانی جیهـان یەکگرن»، بەڵام دواتر بەو ڕوونییە گەیشتبوو، کرێکـارانی جیهـان لە کـام بـارودۆخی یەکسـانـدا یەکگرن؟ کرێکـارێکی ئیرلەندیی یەکسـان نییە بە کرێکارێکی بریتانی، تا ئەو کاتەی کرێکارێکی بریتانی خەبات بۆ سەربەخۆیی کرێکاری ئیرلەندی نەکات ناتوانێت بەو سانابیە داوای یەکگرتن بکات.

ئەگەرچی مارکس وەک خۆی تیۆرەیەکی سیستەماتیکی بۆ پرسی نەتەوەیی دانەڕشتووە، واتا ئەوەی بۆ کرێکار و بۆرژوازی لە ڕوانگەی چینایەتی کردوویەتی نەیتوانیوە هەمان کار بۆ پرسی نەتەوەیی بکات، بەڵام مارکس

له نووســـینەکانی دواتری خۆیدا (بەتایبەت لە نووســـینەکانیدا دەربارەی ئیرلەندا) باســـی ئەوەی دەکرد بۆرژوازی نەک تەنها مەیلی بۆ هاندانی ناکۆکی و دوژمنایەتییە نەتەوەییەکان هەیە بەڵکوو لە ڕاســـتیدا مەیلی بۆ هەڵکشـــاندن و زیادکردنی ئەم ناکۆکییانە هەیە چونکە ١) خەباتێک بۆ کۆنترۆڵی بازاڕەکان، ململانێیەکانی نێو دەســـەڵاتە ســـەرمایەدارییەکان دروســـت دەکات؛ ٢) چەوســـاندنەوەی نەتەوەیەک دژی نەتەوەیەکی دیکە، دوژمنایەتی نەتەوەیی بەدی دەهێنێت؛ ٣) شـــۆڤێنیزم یەکێکە لە ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکان کە هێز و توانا بە بۆرژوازیی دەدات دەسەڵات و هەیمەنەی خۆی بەسەر پرۆلیتاریادا بپارێزێت.

مارکس لە دەیەی ١٨٦٠دا ئازادبوونی ئیرلەندای بە مەرجی ئازادبوونی ئازادیی پرۆلیتاریا ســـەیر دەکرد: ١) تەنها ئازادیی نەتەوەی ســـتەملێکراو دەبێتە هۆی ســـڕینەوەی دابەشـــکارییەکان و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان و ڕێگا بۆ چینی کرێکاری هەردوو نەتەوە [ستەمکار و ستەملێکراو] دەکاتەوە دژی دوژمنە هاوبەشـــەکەی خۆیان واتا ســـەرمایەداران یەک بگرن؛ ٢) ســـتەمکردن لە نەتەوەیەکی دیکە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دەســـەڵاتی ئایدیۆلۆژیانەی بۆرژوازیی بەســـەر کرێکاران لە نەتەوەی ســـتەمکاردا. لە ڕوانگەی مارکسەوە «هەر نەتەوەیەک کە نەتەوەیەکی دیکە دەچەوسێنێتەوە، زنجیرەکانی کۆیلایەتیی خۆی بەرهەم دەهێنێت»؛ ٣) ڕزگاربوونی نەتەوەی ســـتەملێکراو پایە ئابووری، ســـیاســـی، میلیتاری و ئایدیۆلۆژییەکانی چینە باڵادەســـتەکان لە نەتەوەی ســـتەمکاردا لاواز دەکات و ڕۆڵ و نەخشـــی لە خەباتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکاری ئەو نەتەوەیەدا هەیە. بەو مانایە، ئەگەر کرێکارێکی نەتەوەی سەردەستە مەیلی بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی نەتەوەی

ژێردەســتە نەبێت، هەمیشــە میکانیزمەکانی ســتەم لەســەر خۆشــی زیاتر دەکات. دابڕانی ئیرلەندا لە بریتـانیـا هۆکـارێکە بۆ لاوازکردنی حکوومەتی ســـتەمکاری بریتانی کە کرێکاری وڵاتەکەی خۆی دەچەوســـێنێتەوە. بۆیە مارکس بەســـانایی بەو دەرەنجامە دەگات بڵێت کرێکاری بریتانی بەڕاســتی ئەگەر بیەوێــت خەبــات بۆ ڕزگــاریی خۆی بکــات، دەبێــت خەبــات بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەی ئیرلەندی بکات.

لە ناو مارکســیســتە ئەورووپییەکاندا بەتایبەت ئەســترۆ-مارکســیزم (یان مارکسیزمی نەمسایی) و ستالینیزم، و ترۆتسکیی سەرەتا، مەیلێکی ئەوتۆ بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی ســەری هەڵنەدا، ***ترۆتسـکی*** تا ســاڵی ١٩١٧یش هیچ هەڵوێســتێکی ڕوونی بەرانبەر بە پرســی نەتەوەیی نەبوو، ئەگەرچی خۆی ئۆکرانی و جوولەکەش بوو. بەڵام پـاشـــان وردە وردە دەچێتە ســـەر هەڵوێستی لینین و لەم ساتەوە، کۆی تێزی لینین بۆ پرسی نەتەوەیی دەبێتە ئایدیای دەقیقی ترۆتســکی، بۆیە باســکردن لە هەڵوێســتی ترۆتســکی زەرەوورەتێکی وەهای نییە. بەڵام هەردوو مارکسیستی نەمسایی-بۆهیمیی، ***ئەنتۆنی پانەکۆک*** و ***یۆزێف شتراسە*** وەک دوو مارکسیستی ئەورووپیی پێیان وا بوو خەباتی چینایەتی ئەولەویەتی بەســەر خەباتی نەتەوەییدا و ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ دابەشــنەکردنی نەمســـا بۆ کۆمەڵێک نەتەوە و گرووپی جۆراوجۆر. پانەکۆک بە دروستی دەیگوت «نەتەوە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژیی بۆرژوازییە»، بەڵام هەم ***پانەکۆک*** و هەم ***شـــتراســـە***، بە گەڕانەوە بۆ ئۆتۆ باوەر، پێیـان وا بوو دەبێت نەمســـا مـافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەریی تەواوەتیی بە نەتەوەکان بدات. دەکرێت تیۆری مارکســیزمی نەمســـایی بە تیۆرەی ئیکۆنۆمیزم لە قەڵەم بدەین. بەڵام نەمسـاییەکانی دیکەی وەک کارڵ

ڕێنەر کە ڕاوێژکاری ســـۆســـیال دیموکراتی نەمســـایی بوو، بڕوایان بە ئۆتۆنۆمیی کولتووریی نەتەوە و گەلەکـانی نـاو ئیمپراتۆریەتی نەمســـا-هەنگاریا هەبوو.

ســتالین لەســەر ڕاسـپاردەی لینین لە سـاڵی ١٩١٣ وتارە بەناوبانگەکەی بە ناوی «مارکسـیزم و پرسـی نەتەوەیی» دەنووسـێت، بەڵام لینین هەر زوو فەرامۆشی دەکات، چونکە کۆی چەمکەکانی خەسڵەتی نەتەوەیی لای ستالین کورت دەبنەوە بۆ ســایکۆلۆژیا یان تایبەتمەندیی ســایکۆلۆژیی نەتەوەیی و لینین بەڕاشکاوی هەر لە کاتی خۆیدا ڕەتی دەکاتەوە. لەناو مارکسیستەکاندا، هەڵوێستی لینین تازەترین، ڕادیکاڵترین و پراکتیکیترین بووە لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیەدا. ئەگەر پێشتر مارکسیستە نەمساییەکان و ڕووسەکان خۆیان بۆ ڕەهەندی ئابووریی (پانەکۆک و شتراسە)، کولتووریی (ڕێنەر و باوەر) و ســـایکۆلۆژیی (ســـتالین) و گوڵچینی تێکەڵەی ئـابووری و کولتووریی (ترۆتســـکی)، لینین بەڕاشـــکاوی ڕایدەگەیەنێت مافی چارەی خۆنووســـینی نەتەوەکان پرسـێکی تەواو ناو دیموکراسـیی سـیاسـییە، واتا بریتییە لە مافی جیابوونەوەی سـیاسـی و بونیادنانی دەوڵەت-نەتەوەی سـەربەخۆی گەل و نەتەوەی ژێردەســـتە. لینین بە ئاشـــکرا دەیگوت ئۆتۆنۆمی و مافی ئۆتۆنۆم نەتەوەی ژێردەســـتە لەگەڵ نەتەوەی ســـەردەســـتەدا یەکســـان ناکات. بەڕاشـکاوی لە پرسـی پۆڵەندادا دەیگوت بە دڵنیاییەوە ئەگەر ڕووسـیا مافی ئۆتۆنۆمی بدات بە پۆڵەندا، هێشـتا پۆڵەندییەکان لەگەڵ ڕووسـەکاندا یەکسـان نابن و مافی بڕیاردانی یەکسانیشیان لە ئەنجوومەنە نوێنەرایەتییەکان نابێت. بۆیە دەیگوت پرســـی ئۆتۆنۆمی بریتییە لە پرســـێکی بە ڕێژەییکردن و

ڕێژەگەراییانەی سیاسەت کە دواجار نەتەوەی بندەست هێشتا بە پلە دوو دەهێڵێتەوە. چارەسەری بنچینەیی جیابوونەوەی پۆڵەندایە لە ڕووسیا.

لینین ئەمانەی تەنها لە تیۆردا دەرنەبڕین، ساڵی ١٩١٧ کە دەسەڵات کەوتە دەستی بەلشەڤییەکانەوە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، یەکەم کاری لینین ئامادەکاریی بوو بۆ پێدانی مافی جیابوونەوەی پۆڵەندا و فینلەندا لە ڕووسیا و لەگەڵ دەنگدانی ئەو دوو نەتەوەیە بۆ جیابوونەوە لە ڕووسیا، لینین بە فەرمی دانی بە سەربەخۆیی دانا و ڕێزی لە بڕیاری ئازادانەی جیابوونەوەیان گرت. کارێک هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، هیچ نەتەوەیەکی لیبراڵ دیموکرات لەسەر زەوی ئەنجامی نەداوە.

## مارکسیستەکان و جەنگی دژە-کۆلۆنیالیزم

لەگەڵ جەنگی جیهانیی یەکەم دەستی پێ کرد، سۆسیالیستەکان دابەشبوونە سەر دوو کەمپ، بەشێکیان پشتیوانیان لە وڵاتەکانیان کرد، وەک سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا، بەشێکی دیکەشیان وەک ڕۆزا لۆکسمبورگ و کەمپی چەپە ڕادیکاڵەکان دژی جەنگ وەستانەوە، بەڵام سۆسیالیستەکانی ڕووسیا دژی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا وەستانەوە و پشتیوانیان لە جەنگی ڕووسیا نەکرد. لە بەرانبەردا سۆسیالیستە دژە-جەنگەکان پشتیوانیی بێمەرجی جەنگی کۆیلەی کۆلۆنییەکانیان دژی باڵادەستە ئەوروپییەکان کرد، بانگەوازیان بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەکان لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا کرد دژی وڵاتانی باڵادەست. سۆسیالیستە دژە-جەنگەکان بە هاوبەشی مانیفێستی «ڕزگاریی دەستبەجێی نەتەوە بندەستەکان»یان کرد و لینین بانگەوازی بۆ

پشـــتیوانیکردن له بزووتنەوه شــۆڕشــگێڕییەکانی ڕزگاریی نەتەوەی ژێردەستەی کۆلۆنییەکان و ئیمپریالیستەکان کرد، دەشیزانی ئەو بزووتنەوه نەتەوەییانه له سروشتدا سۆسیالیست نین. ئەگەرچی بەشێک له نزیکەکانی لینین پشتیوانیان له مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان له ١٩١٤دا نەکرد، و ***کارڵ ڕادەک*** و ***لیۆن ترۆتسـکی*** پێچەوانەی ڕاپەڕینی ١٩١٦ی ڕاپەڕینی ئیرلەندییەکـان بوون دژی حوکمی بریتـانی، بەڵام وەک باسـمـان کرد، ترۆتسـکی له ١٩١٧ له بۆچوونەکانی پاشـگەز بووەوه و کارڵ ڕادەک له ١٩١٩ هاته پاڵ سەربەخۆیی پۆڵەنداوه.

لینین له ١٩١٣ له وتارەکەیدا به ناوی «ئەورووپای پاشـکەوتوو و ئاسـیای پێشکەوتوو»دا دەڵێت باڵی شۆڕشگێڕیی سۆسیالیزم دەبێت بەردەوام بێت له سـووربوون لەسـەر پێداویسـتیی دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم له هەموو فۆرمەکانیدا و پشـتیوانیی خەباته نەتەوەییەکان دژی کۆلۆنیالیزم بکات. له هەمان وتاردا خەباتی خەڵکانی کۆلۆنیزەکراو بۆ سـەربەخۆیی لەدەرەوەی کـاتیگۆریی چینـایەتی وەک «هێزی پێشـڕەو له خەبـاتی جیهـانیـدا بۆ سۆسیالیزم» ناو دەبات و دەنووسێت «له هەموو شوێنێکی ئاسیا سەدان ملیۆن خەڵک له ژیانیان، ڕۆشـنایی و سـەربەخۆییان بەئاگا دێنەوه»، له کـاتێکـدا ئەوەی پێی دەگوترێـت ئەورووپـای «پێشـکەوتوو» خەریکی «تاڵانکردنی چینه و یارمەتیی دوژمنانی دیموکراسی دەدات».

له ئازاری ١٩١٩دا، ئەنتەرناسـیۆنالی کۆمۆنیسـت (کۆمینترن) له مۆسـکۆ دامەزرا. له یەکەم کۆنگرەدا نوێنەرانی هەموو وڵاتـان ئیـدانەی براوەکـانی جەنگی جیهانی و کۆلۆنییەکانیان دەکەن و لەوێدا مانیفێستی دژه-کۆلۆنیالی دەنووسـن و دەڵێن «کۆیلەکانی کۆلۆنیالیزم له ئەفریقا و ئاسـیا: سـاتی

دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاری دەبێتە ساتی ڕزگاربوونی ئێوەش». ئەم بانگەوازە و مانیفێســــتە دژە کۆلۆنیالیســــتییە بە هەموو بەندەکانییەوە بۆ یەکەمجار دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ئـایـدیـای دژە-کۆلۆنیـالییەکی وشــــیـار لە ســـەرتاســـەری جیهاندا و چینی کرێکاری وڵاتانی کۆلۆنیالیســتیش وشــیار دەکاتەوە.

١٧ مانگ دوای یەکەم کۆنگرە، سوپای سوور دەست دەکات بە یارمەتیدانی هێزە نەتەوەییەکان بۆ وەدەرنانی هێزە کۆلۆنییەکان لە هەموو ناوچەکانی ئاسیای ناوەندی. پاشـان کۆنگرەیەک دەبەسـتن تایبەت بە پرسـی کۆلۆنیالی و بەوردی باس لە یارمەتیدانی خەباتی دژە کۆلۆنیالی دەکەن و تەنانەت لینین پێشــــنیار دەکات دروشــــمە بەناوبانگەکەی مێژووی مارکســــیزم «کرێکارانی جیهان یەکگرن» بگۆڕدرێت بۆ «کرێکارانی جیهان و گەلانی چەوســاوە، یەکگرن» و کۆنگرە بڕیار لەســەر ئەم گۆرانکارییە دەدات. لینین و بەلشـەڤییەکان تەنانەت پشـتیوانی لە کۆی بزووتنەوە سـەربەخۆییخوازییە نەتەوەییەکان لە کۆلۆنییەکان دەکەن بەبێ ئەوەی مەرجی خەباتی چینایەتی یان کۆمۆنیســـتبوون بکەنە پێوەر، بۆ نموونە بە فراوانی دژی کۆلۆنیالیزمی فەڕەنســی لە وڵاتانی موســڵماننشــین دەوەســتنەوە و لەپاڵ موســڵمانەکاندا دەوەستن.

هەر لەو کۆنگرەیەدا ڕووســیای قەیســەریی بە «ڕووســیای کۆلۆنیالیســتی داگیرکەر» لە مێژوودا تۆمار دەکەن. لە ١٩٢٢دا لینین پێشـــنیاری کۆنگرەی جیهانیی هەموو گەلان دەکات لە مۆســـکۆ ببەســـترێت و لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی ئەندۆنیســیا، جەزاییر بەشــدار دەبن و پشــتیوانیی دەنگی هەموو ئەندامـان بۆ خەبـات دژی کۆلۆنیـالیزم دەبەنەوە. پـاشـــــان ئەفریقییەکانی

کۆلۆنییەکان و ڕەشــپێســتە ســۆســیالیســتەکانی ئەمریکا بەشــدار دەبن. کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسا نوێنەرانیان دەنگ لەسەر ئەوە دەدەن لە جەزاییر دژی کۆلۆنیالیزمی وڵاتەکەیان بجەنگن.

## کورد و کۆلۆنیالیزمی ئێرانیی

پێش ئەوەی لەم پرســـە تێبگەین، دەبێت باس لەوە بکەین کە ئێران وڵاتێکی کۆلۆنیالیستییە، وێڕای ئەوەی خۆشی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم بووە. ئێران دوو مۆدێلی کۆلۆنیالیزم لەســـەر کورد تاقی دەکاتەوە، یەکەم ســـیاســـەتی داگیرکردن، هەژارخســـتن، بەپاشـــکۆکردن و بێدەســـەڵاتکردنی گروپێکی گەورەی مرۆیی (کورد) لەو چوارچێوەیەدا کە پێی دەگوترێت «ئێران» و ئەمەش جۆرێک کۆلۆنیالیزمی ڕاســـتەوخۆیە، تێیدا ســـیاســـەتی گەل و نەتەوەیەک (فارس) بەســەر گەل و نەتەوەکانی دیکەدا (لەم کەیســەدا کورد) پیادە دەکات و لە حاڵەتی لاوازی حکوومەتی ناوەندیی عێراقدا – کە خۆشی وەک هەم وڵاتێکی کۆلۆنیزەکراو و هەم ســـەردەســـت – ئێران مۆدێلێکی دیکەی کۆلۆنیــالیزم بەڕێوە دەبــات کە پێی دەگوترێــت کۆلۆنیــالیزمی کولتووری.

لەڕووی داگیرکاریی ڕاســـتەوخۆوە، یان کۆلۆنیالیزم وەک ســـیاســـەتی بــاڵادەســـتی، ئێران لە نــاوچە کوردنشـــینەکــان پەرەی بە تیۆری «بە گەشـــەنەســـەندوویی»/گەشـــەبڕیی هێشـــتنەوە داوە، واتا ئاوێتەکردنێکی ســیاســەتەکانی دەســەڵات و چەوســاندنەوەی ئابووریی کوردەکان لەلایەن

ئێرانییەکانەوە بووەتە هۆی سـەرهەڵدانی دۆخی هەژاری و دواکەوتوویی سـیاسـی، ئابووری، پەروەردەیی و کولتووری. هەڵبەت ئەمەش بەو مانایە نـایەت کە ئەگەر گەلێک سـەربەخۆیی لە کۆڵۆنیـالیزم وەرگرت بتوانێت خۆبەخۆ تیۆری گەشـەسـەندن ببڕێت و پێش بکەوێت. پاشـماوەکانی کۆڵۆنیالیزم تا ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە و جێ دەسـت و عامل و یارانی کۆڵۆنیالیزم بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە ڕۆح و ژیانی کۆڵۆنیالیسـتەکان دەدەن. لەگەڵ ئەوەشـدا نابێت بەرپرسـیارێتیی بۆ پێشـکەوتن لە خەڵکانی کۆڵۆنیزەکراو وەربگیرێتەوە.

گەشـەنەسـەندن (Underdevelopment) یان گەشـەبڕیی (بڕینەوە لە گەشـەسـەندن) واتا بەشـێکی بە هۆی ڕابردوو و بەشـێکی بە هۆی ئامادەیی چەوسـاندنەوە کە هەلومەرجێکی ڕەقی کۆمەڵایەتی و ئابووری دروسـت کردووە. هەڵبەت گەشـەنەسـەندوویی یان گەشـەنەسـەندن بە مانای نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ گەشەپێدان نایەت، بەڵکوو پرۆسەیەکی ناهاوسەنگ و هـاوکـات نـادادپەروەرانەی دابەشـکردن بە هۆی تـالانکـاریی و دەسـتبەسـەرداگرتنی سـامانی خەڵکانی کۆڵۆنیزەکراو ڕوو دەدات و لە سەنتەرەکاندا بۆ گەشەپێدانی هێزی سەردەست بەگەڕ دەخرێت. بەو مانایە بە گەشـەنەسـەندوویی مـانەوەی کوردسـتـان لە ئێران، بە هۆی بێ سـەرچـاوەییەوە نییە، بەڵکوو ڕژێمی ئێران پەرەی بە تیۆرەیەکی گەشـەسـەندنی ناهاوسـەنگ، واتا کەڵەکەکردنی سـامان و دەوڵەمەندی و گەشـەپێدان لە لایەک و کەڵەکەکردنی هەژاری لە لاکەی دیکەوە، بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە ناوچە فارسـنشـینەکان لە ناوچە کوردنشینەکان گەشەسەندووتر بن و لە ڕووی پەروەردە و کولتووریشەوە

توانای گەشـــەســـەندن بۆ نەتەوەی ســـەردەســـت زیاتر دەبێت لە نەتەوەی ژێردەست.

هەڵبەت کۆڵۆنیالیزم و بە گەشـــەنەســـەندوویی هێشـــتنەوەی کۆمەڵگا، گەل، نەتەوە و وڵاتێک خۆبەخۆ لە لۆژیکی سـەرمایەدارییەوە سـەرچاوە دەگرێت، مارکس بەڕوونی لە بەشی «تیۆری مۆدێرنی بەکۆڵۆنییکردن» لە ***سەرمایە***دا باس لە پرۆســەی پێوەلکانی کۆڵۆنیالییانەی زەوییە داگیرکراوەکان دەکات و لێرەوە ســـــەرمـایەداری وەک هێزێکی جیهـانی و وەک دروســــتکەرێکی بەردەوامی بـازاڕی جیهـانی پیشـــــان دەدات کە بەردەوام ســـــەروەری و ســــەربەخۆیی نەتەوە و دەوڵەتانی دیکە پێشـــێل و داگیر دەکات. هەروەها بەڕوونی باس لەوە دەکات هێزە کۆڵۆنیســـــت و داگیرکەرەکان هیچ کاتێک نەک دەســـتیان نییە لە پێشـــخســـتنی وڵاتانی داگیرکراودا، بەڵکوو گەشـــەی خۆبەخۆی ئەو کۆمەڵگایانە بۆ ســـەدان ســـاڵ دەگەڕێننەوە دواوە. هەروەها لەو شـوێنەدا کە باس لەوە دەکات کە «کەڵەکەکردنی سـامان و سـەرمایە لە لایەک، واتـا کەڵەکەکردنی هەژاری و بەدبەختی لە لاکەی دیکەوە»، بەو مانایە هەمیشـــە ســـەنتەرێک بۆ کەڵەکەی ســـەرمایە هەیە لەســـەر بنەمای تـالانکردن، هەژارخســــتن، بێـدەرەتـانکردن و کەڵەکەکردنی بەدبەختی و نـابەختەوەریی لاکەی دیکە دادەمەزرێت. ئەمە چەنـدە لە ســـەنتەرەکـانی ســــەرمایەداریدا ڕاســــتە هێندەش بۆ پەیوەندیی کۆڵۆنیالیســــت و خەڵکی کۆڵۆنیزەکراو دروستە. مارکس ئەوەش لەبیر ناکات کە پرسی کەڵەکەبوونی ســــامان لە لایەکەوە، و کەڵەکەکردنی بەدبەختی لە لاکەی دیکەوە، تەنها لە ڕەهەندە ئابوورییەکەیدا نامێنێتەوە و پرسی سەرخانی سیاسی، کولتووری، هونەری و هتد دەگرێتەوە. هەمیشـــە ئەو کۆمەڵگایانەی لەســـەر حســـابی

کۆمەڵگا پەراوێزیی و داگیرکراوەکانی دیکە، ســـەرمایەیان کەڵەکە دەکەن، هەزاران ســاڵ گەشــەی کولتووری و پەروەردەییی کۆمەڵگا داگیرکراوەکان دەهێننە دواوە. لەم ڕوانگەیەشـەوە بەسـانایی دەتوانن هەژموونیان بەسـەردا بکەن.

پرســـی ئەوەی کۆمەڵگایەک و ئاســـتە کولتوورییەکەی، کە دەرەنجامی داگیرکاری و کۆڵۆنی و تالانکردنی سـامانی کۆمەڵگای دووەمە، باڵادەســت دەبێت بەســـەر کۆمەڵگای کۆڵۆنیزەکراودا، بەوەدا کە گەلی کۆڵۆنیالیســـت خاوەن بەهرە و داهێنانی هونەری و کولتووری و ئەدەبییە یان ئەوەی پێی دەگوترێت «خولقاندنی شاکار» بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کۆمەڵگای سـەروەر و باڵادەســت لە ڕووی زەینی و ســروشــتییەوە «بلیمەتترە» لە کۆمەڵگای داگیرکراو، بەڵکوو بەسـانایی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە هەر شـوێنێک دەرفەتە ئابوورییەکان بۆ گەشـــەی کۆمەڵگا و تەکنیک زیاتر بوون، لەو شـــوێنانەدا ئاســتەکانی بەرهەمهێنانی هونەری و کولتووری زیاتر دەبێت و ئاســتەکانی خوێندن هەڵدەکشـــێت. ئەمە لۆژیکێکی ســـادەیە و بڕوام وایە زۆر کەس بێئەوەی پێویســـتیان بە بیرکردنەوەی قووڵی مێژوویی هەبێت، لەم لایەنە تێبگەن. بەڵام وەک ***واڵتەر بنیامین*** فەیلەسـوفی مارکسـیسـت و ڕەخنەگری کولتووری باســـی دەکات، لەو کۆمەڵگایانەی پێشـــتر تێیاندا شـــۆڕشـــی پیشـەسازی و گەشـەی تەکنیک هاتە ئاراوە، ئەو شـوێنانە دەرفەتی زیاتریان بۆ داهێنانی بەرهەمی هونەری لە بەردەستدا بوو.

پاشـــان ئەم جۆرە گەشـــەنەســـەندنە بە ناوەکی دەکرێت و فۆرمێکی ســـایکۆلۆژی، هونەری، کولتووری و ڕۆحی وەردەگرێت و دەبێتە جۆرێک فەلسـەفەی نواندنەوەی ئەوی دیکە لەلایەن هێزی سـەردەسـتەوە بەوەدا کە

گەلی ژێردەست وا پیشان دەدات دواکەوتووییەکەی لەناو دۆخی سروشتیدا دروست بووبێت، یاخود ساناتر، دواکەوتوویی کورد بەرهەمی سروشت خۆی بێت نەک لە قۆناغێکی مێژووییدا دروست بووبێت. ئەم جۆرە لە وێنەی کورد لە نیگای زەقی ئێرانییدا، هەمیشە بەبێ پرسیارکردن لە دۆخی مێژوویی و سیاقی سەرهەڵدانی ئەم پرۆسەیە، وەک نیگایەکی دوورمەودا دەبینرێت وەک بڵێیت بەرەکەتی سروشت دوو مرۆڤی جیاوازی لەیەک دروست کردووە و هەر سروشتیش جیاوازییەکانیان بۆ ئەبەد دەهێڵێتەوە.

بەڵام کاتێک کوردەکان لە ئێران دەخرێنە ناو ئەم دۆخەی هەژارییەوە، ئێران وەک ڕژێمێکی سەردەست تەنها یەک دەرفەت لە بەردەم کوردەکان بۆ خەباتی مانەوە دەهێڵێتەوە: سنوورنشین بوون، پاشان لە سینەمادا ئەم سنوورنشین بوونە وەک دۆخێکی ئێستاتیکایی و خۆکرد و جەوهەری ئارەزووکراوی مرۆڤی کورد پیشان دەدات کە بە دیسان ئەوە سروشت بەم جۆرە دروستی کردووە. یاخود دەیکاتە قاچاغچی و کۆڵبەر تا ئاسان بتوانێت بیکوژێت. مرۆڤی کورد لە نیگای ئێرانیی باڵادەستدا ئۆبژێکت و بابەتێکە بۆ کوشتن، لە ئەزەلەوە تاوانبارە، کوشتنی هیچ گوناهێکی نە ئایینی نە سیاسی و یاسایی بەدوودا نایەت. لەم ڕووەوە ڕەوایەتی بە مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژیی دژی مرۆڤی هەژارخراو دەدات و هەموو جۆرە بەرەنگاری و وەستانەوەیەکیش بەرانبەر بە هێرش و بێحورمەتکردن لەلایەن ئەوی دیکەی سەردەستەوە وەک جۆرێک لە تاوان و پێشێلکردنی سەروەریی نەتەوەیی دەبینێت و دیسان لە میدیاکان و ئامرازەکانی دیکەی کۆنترۆڵدا، وێنەی وەحشیگەربوون و بەربەرییبوون بۆ دۆخی لە مێژوودا دروستکراوی گروپێکی نەتەوەیی/مرۆیی دادەتاشێت و بە تێپەڕینی کات

دەیکـات بە وێنەیەکی ئەبەدی و ئەزەلی. ئێران ئەم مـامەڵەیە لەگەڵ کورد دەکات.

ڕەنگە زۆر پێویســـت نەکات باســـی ڕەهەندی دووەمی کۆڵۆنیالیزمی ئێرانی بکەین کە پێی دەڵێین کۆڵۆنیـالیزمی کولتووری و بە دیـاریکراوی لەســــەر کوردەکانی باشــــوور پیادەی دەکات. لەو ماوەیەدا زۆر وتار و لێکۆڵینەوە لەم بوارەوە نووســــراون. یەکێک لەو وتـارانە هێرۆ خوســــرەوی و من نووسـیومانە بەناوی «کۆڵۆنیالیزمی کولتووریی ئێران» و خوێنەر دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە. بەڵام وەک لە ســـەرەوە باس کرا، کاتێک فیلمێکی ئێرایی کە «دەیەوێت بۆ کورد یان لەبری کورد بدوێت» و دەبێتە بەرهەمێکی هونەری، دیســـان هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە دەرهێنەری فیلمەکە «بلیمەتترە» بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرفەتـانەی دەوڵەتی کۆڵۆنیـالیســــــت بۆ نواندنەوەی وێنەی کوردەکان لە فیلمەکانیدا، خســــتوویەتییە بەردەســــتی دەرهێنەری فیلم. لێرەشـەوە وا دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی گەل و وڵاتی کۆڵۆنیالیســت لە خەڵکانی ژێردەســت و داگیرکراو باشـتر بن، بلیمەتتر و ڕێزلێگیراوتر بن و بینەران و خوێندەوارانی گەلی ژێردەســــتیش بە هەر ســـتایش و ســـەنایەکی هونەرمەند/ڕۆشـنبیری گەلی ســـەردەســت خۆشـــحاڵ و گەشـــکە ببن و لە بەرانبەریشـــدا هەم ســـووکایەتیی بە وزە ناوخۆییەکانیان بکەن و لەژێر ئاســـتی هونەرمەندانی وڵاتی کۆڵۆنیالیســـت دایانبنێن و هەمیش ئەمە دەکەنە میکانیزمێکی ســروشـتی و سـایکۆلۆژی تا ڕێگا لە هەموو وزە و دەستپێک و ئەگەرێکی سەرهەڵدانی دەنگی نوێ بگرن.

## ڕیشەی کۆلۆنیالیستیی چەپ و نەتەوە ژێردەستەکان

## کورد و چەپی ئێرانیی بە نموونە

بەم دوواییانە کۆمەڵە (سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران) گرژی تێدا دەرکەوتەوە. چەپە فارسیزمانەکان بەدرێژاییی مێژووی ئەم حزبە هەمیشە ناکۆکییان لەنێوان چەپەکان و ئەندامانی ئەم حزبەدا دروست کردووە بەوەدا کە هەمیشە کوردەکانیان بە ناسیۆنالیست یاخود باڵی ڕاستی حزب ناو بردووە. هەڵبەت هەر لە سەرەتاوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەم نووسینە هیچ پەیوەندییەکی بە کێشە ناوخۆییە هەنووکەیییەکانی کۆمەڵەوە نییە و بەرگریش نییە لە پەیکەرە و جەستەی کۆمەڵە بەوەدا نە هیچ کاتێک ئایدیاکانی خۆم بە نزیک لەوان بینیوە و نە هەرگیزیش هیچ پەیوەندییەکم بەو حزبەوە هەبووە. ئەوەی من لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەم بریتییە لە پرسێکی دوور و درێژتر و قووڵتر، پرسی نوێنەرایەتیکردن و نوێنەرایەتییکران، پرسی باڵادەستی و ژێردەستەیی، کە بێگومان ئەگەر حزبێکیش بە ناوی کۆمەڵە بوونی نەبێت، ئەم پرسە هەر دەمێنێتەوە. پرسی بە پاشکۆکردنی چەپەکانی کۆمەڵگا و خەڵکانی ژێردەست بۆ چەپەکانی کۆمەڵگا، نەتەوە و گەلی سەردەست.

کەواتە پێش ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەم پرسە بدەین، با گریمانەیەکی تیۆری بورووژێنین و ئەم پرسیارە بکەین: «بۆ مەنسوور حیکمەت و هاوڕێکانی لەناو کۆی ڕەوتی چەپ لە ئێران خۆیان خزاندە ناو کۆمەڵەوە؟ واتا چی دەبوو ئەگەر بۆ نموونە چووبانە ناو تودەیییەکان، فیداییانی خەڵق و یان ڕەوتە چەپەکانی دیکەی ناوەندی ئێران بۆ تەنها

خۆیان خزانده ناو کوردەکانەوە و دوای ماوەیەکی کەم ئەو حزبەیان بۆ چەندین کەرت و گروپی بچووک بچووک دابەش کرد؟» گومان لەوەدا نییە ئەو چەپە ئێرانییانەی لە سەروبەندی بەدەستەوەگرتنی دەسەلاّت لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە، تەنها شوێنێک، سەنگەر و قەلاّیەک مابووەوە پەنای بۆ بەرن، کوردستان بوو. بۆیە پۆل پۆل چەپەکانی ناوەندی ئێران لە کوردستان و بە جلوبەرگی کوردییەوە دەردەکەوتن. ئەمە پرسی مانەوە و ژیانە و ئەخلاقیاتی بالاّی هەر کۆمەلّگا، خەلّک، گروپ و تاکێک لەناو فەلسەفەی ئەخلاقدا بەوەدا دەناسرێتەوە، چەندە ئامادەیە دالّدەی ستەملێکراوان، ڕاکردووان و چەوساوان بدات. هەر گەل و کۆمەلّگایەک نەیتوانی ئەم ئەخلاقە بکاتە پرەنسیپی سیاسەت، ئەو کۆمەلّگایە بەسانایی تۆوەکانی فاشیزم و بیری ڕاستڕەوی دەچێنێت. لەم ڕووەوە هاتنی چەپە ئێرانییەکان بۆ ناو کوردستان و پەیوەندییان بە چەپەکانەوە نزیکە لە کۆچی ئەو چەپانەی لەژێر دەستی حکوومەتە فاشیست و دیکتاتۆرەکان ڕایان دەکرد و پەنایان بۆ ولاّتانی دیکە دەبرد، بێگومانیش تەنها مالّێکی سیاسییش بۆ چالاکییەکانیان، پارتە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی ئەو ولاّتانە بوو کە پەنایان بۆ دەبرد. تا ئێرە پرسەکە زۆر لۆژیکی و ئەخلاقییە. لەگەلّ ئەوەشدا پەنابردنی چەپە ئێرانییەکان بۆ ناوچەیەک بوو کە خۆی لەژێر دەسەلاّتی داگیرکاریی ئێراندا بوو، ئاوەلاّکردنی دەرگای کوردستان بە ڕووی چەپە ئێرانییەکاندا، ئەو پرەنسیپە ئەخلاقیی سیاسییە پشتڕاست دەکاتەوە کە ناومان برد. بەلاّم کێشەکە لە شوێنێکی دیکەوە دەست پێ دەکات.

یەکێک لە کۆمیدیا و خالّە پێکەنیناوییەکان ئەوەیە هەمیشە گروپە ژێردەستە و بچووکەکان چوونەتە پالّ پارتە کۆمۆنیستییە گەورەکانەوە تا بتوانن لە

ناو پارتە کۆمۆنیستییەکاندا ئایدیا ڕزگارییەکانی خۆیان ببەنە پێشەوە، بۆ نموونە جوولەکەکان بە فراوانی لە ئاستی جیهاندا چوونە پاڵ بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان و یەکەم ڕزگاریی گەلی جوولەکەش لە مێژوودا، لە ڕووسیا و لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا سەری هەڵدا کە خۆشیان ڕۆڵی چالاکانەیان لەو شۆڕشەدا هەبوو.

بەڵام چی دەبێت پەیوەندیی نێوان چەپە ئێرانییەکان و کوردەکان پێچەوانە ببێتەوە، ئەم جارە ئێرانییەکان بخزێنە ناو پارتێکی کوردییەوە؟ بەبێ گومان وەک ڕابەرانی کۆمەڵەش باسیان کردووە هاتنی مەنسوور حیکمەت و هاوڕێکانی، هێنانی تیۆری مارکسیستی بووە بۆ ناو ئەو حزبە. ئەمەش نایەکسانیی دۆخی نێوان کوردەکان و فارسەکان بەسانایی دەردەخات، کە وەک لە سەرەوە باس کرا، هەمیشە کوردەکان لە پەراوێزەکاندا مابوونەوە و دەرفەتی خۆ-پەروەردەکردن یان پەروەردەی یەکسانیان نەبووە و مافی ئەوەشیان نەبووە بە زمانی دایکیان بخوێنن، بۆیە ئەوان هەر شتێکی تازەیان وەک جۆرە فریادڕەسێک بۆ خۆیان بینیوە. بەڵام تاکتیکێکی چەپە ئێرانییەکان بۆ لاوازکردنی کوردە چەپەکان و کردنیان بە پاشکۆی ئێرانییەکان، و پاشان دابەشکردنیان و لێدانی مۆرکی سووکایەتی، بەکارهێنانی چەمکی لاستیکی ناسیۆنالیزم بووە. بۆ نموونە دروشمەکەی حیکمەتیستەکان «ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت» دروشمێکی لاستیکییە لە دۆخێکی دیاریکراودا بەکار دێت تا نەک ناسیۆنالیزمی باڵادەست، کە لە کۆنەوە بەرجەستە بووە، ڕەق بووە و ڕیشەی داکوتاوە، لاواز بکات، بەڵکوو ئەوەی پێی دەگوترێت ناسیۆنالیزمی کوردەکان لەژێر

ناوی دروشـــمی کولتووری و یاســـایی «گوناه و شـــەرمەزاری»دا بکاتە فۆرمێکی ڕەق و قرێژ.

بێگومان ناســیۆنالیزم کاتیگۆرییەکی خەیاڵی و خەیاڵدانی بۆرژوازییە، بەڵام وەک ***بندیکت ئەندرســـنی*** تیۆریزەکەری ناســیۆنالیزم باســـی دەکات، ئەم خەیـاڵە فۆرمێکی واقیعییەت وەردەگرێـت و دەبێـت لەگەڵ ئەم فۆرمە واقیعییەیـدا مـامەڵە بکەین. ئەنـدرســـن دەڵێـت نەتەوەکـان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروســـت دەبن. ئایدیای «نەتەوە» بە شـــێوەیەکی ڕێژەیی ئـایـدیـایەکی تـازەیە و بەرهەمێکی هێزە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و ماتریالییەکانە. هەروەها ئەندرســـن نەتەوە وەک «کۆمەڵێکی ســـیاســـی خەیاڵکراو – و خەیاڵکراو هەم بە شـــێوەیەکی ناوەکیی ســـنووردار و هەم ســـەروەر» پێناســـە دەکات. دەڵێت نەتەوەیەک «خەیاڵ دەکرێت یان لە پرۆســـەی خەیاڵیدا دروســـت دەبێت چونکە ئەندامانی تەنانەت بچووکترین نەتەوەش هەرگیز ناتوانن زۆربەی ئەندامەکانی دیکەی هەمان کۆمەڵ بناسن، یان دیدەنیان بکەن، یاخود تەنانەت گوێشیان لێیان بێت، بەڵام هێشتا لە بیر و زەینی هەر یەکێکیاندا وێنەی هاوەڵەکانیان دەژیت و زیندوو دەبێت». لە کاتێکدا ئەندامانی کۆمەڵێک لەوانەیە هەرگیز ئەندامانی دیکەی هەمان کۆمەڵ ڕووبەڕوو نەناســـن، بەڵام ڕەنگە پەرە بە بەرژەوەندیی نزیک لە ئەندامانی دیکەیان بدەن. لەم ڕووەوە نەتەوە دەبێتە کۆمەڵێکی خەیاڵی، خەیاڵکراو یان لە پرۆسەی خەیاڵیدا دروستکراو، بەڵام بە تێپەڕینی کات فۆرمێکی ماتریالی وەردەگرێت و خۆی بەرجەستە دەکاتەوە.

ڕیشـــەی ئەم چەمکەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی شـــۆڕش و ڕۆشـنگەریی چونکە ئەم دوو پرۆســـەیە ڕەوایەتیی باڵادەســتیی خواییانە و

سروشتییانه و حوکمڕانیی بنەماڵەیی هەرەمییان تێکشکاند. بکەرێکی مرۆیی گەورە بوو و گەشەی سەند، داوای ناسینەوە و دانانی خۆیان وەک بکەرانی سەربەخۆ لە هێزە باڵادەستەکانی پێشوو دەکەن. ئەم جارە نە خوا و نە پاشا بڕیار لە دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤەکان نادەن. لەم ڕووەوە، نەتەوە لە کۆمەڵێکی خەیاڵییەوە دەبێتە کۆمەڵێکی واقیعی. گومان لەوەدا نییە، بندیکت ئەندرسن یەکێکە لە تیۆریزەکەرە مارکسیستە گەورەکانی ناو مێژووی سیاسیی ئەم بزووتنەوەیە.

هەڵبەت لەوانەیە بەشێکی زۆری حیکمەتیستەکان بە تیۆرەکەی ئەندرسن ئاشنا نەبن، بەڵام بۆ ئاشنایەتی زیاتر بگەڕێینەوە بۆ جیاکارییەکەی لینین خۆی سەبارەت بە ناسیۆنالیزمەکان. بە گرتنەبەری تیۆری مارکس، لینین، وەک لە سەرەوەش باسمان کرد، چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی وەک بەهێزکردنی هێزی شۆڕشگێڕی لە ڕووسیا و یەکخستنی نەتەوە چەوساوە و بندەستەکان لە ژێر ئاڵای کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالدا دەبینی. تەنانەت لە ١٩٢١دا زۆر دیاریکراوتر پەنجە لەسەر پرسی کورد دادەنێت. نامەی لینین بۆ کۆمیتەمەرکەزیی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا، ١٩٢١ سەبارەت بە کوردستان: «پێویستە مافی چل ملیۆن کورد بە فەرمی بناسرێت و دان بە کوردستاندا بنرێت، زمانی کوردیی وەک زمانی ڕەسمی بناسرێت، یارمەتی بدرێن ئەلفوبێیان لە عەرەبییەوە بگۆڕن بۆ لاتینی و هیوادارم بانکی ناوەندیی ئازربایجان وەک بەشێک لە سیاسەتی نوێی ئابووریی چل ملیۆن ڕۆپل بۆ گەشەپێدانی ژێرخان و سەرخانی کوردستان دابین بکات. دابینکردنی ئەم یارمەتییە ئامادەیی ئەوەش پیشان دەدات کە ئەوان تەنها لەژێر ئاڵای سووری کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالدا دەتوانن بڕۆنە پێشەوە».

هەروەها سەبارەت بەوانەی دژی هەموو فۆرمێکی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی دەوەستنەوە، و دەڵێن پشتیوانیکردن لە ناسیۆنالیزم یان ڕزگاریی نەتەوەی گەلی بندەست جۆرێکە لە ناسیۆنالیزم، لینین دەڵێت «تۆمەتبارکردنی ئەوانەی پشتیوانی لە سەربەستیی مافی چارەی خۆنووسین دەکەن، واتا سەربەستیی بۆ جیابوونەوە، تۆمەتێکی دەبەنگانە و دووڕووانەیە». لینین لە وتارێکی دیکەیدا لە ئۆکتۆبەری ١٩١٦دا بە ناوی «کاریکاتێری مارکسیزم و ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستیی» دەڵێت: «شۆڕشی کۆمەڵایەتیی دەکرێت تەنها لە فۆرمی سەردەمێکدا دروست ببێت کە تێیدا جەنگی ناوخۆیی ئاوێتە لەلایەن پرۆلیتاریاوە دژی بۆرژوازیی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و سەرجەمی زنجیرەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕی و دیموکراتییەکاندا ئەمەش بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەییەکان لە کۆمەڵگا و نەتەوە گەشەنەسەندوو و چەوساوەکاندا، دەگرێتەوە». لە وەڵامی ڕۆزا لۆکسمبورگیشدا، لینین بە ئاشکرا دەیگوت دەبەنگانەیە ناسیۆنالیزمی سەرکوتکەر لەگەڵ ناسیۆنالیزمی سەرکوتکراوی گروپێکی بندەست یەکسان بکرێت و بە کاتیگۆرییە گشتییەکان لێک بدرێتەوە. ساڵی ١٩٢٠ لە مۆسکۆ لینین پشتیوانی لە مارکسیستی هیندی، ئێم. ئێن. ڕۆی بۆ ناسیۆنالیزمی دژە-کۆڵۆنیالیست دەردەبڕێت.

***ئەمیری باراکا***، شاعیر، نووسەر، چالاکوان و مارکسیستی ڕەشپێستی ئەمریکی، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا دەربارەی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان و شۆڕشی ڕووسی، بە گەڕانەوە بۆ تێزەکەی لینین دەنووسێت:

«مارکسیستێک ئەنتەرناسیۆنالیستە و هەمیشە بەم جۆرە دەمێنێتەوە، بەڵام هەروەها وەک ماوتسی تۆنگ ئاماژەی پێ کردووە مارکسیستی نەتەوەیەکی چەوساوە هەروەها دەبێت خەباتگێڕێکیش بێت بۆ سەربەستیی نەتەوەکەی. خەباتکردن دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی نەتەوەیەک 'خواستێکی ئەنتەرناسیۆنالیزمە'. مارکسیستەکان ناتوانن بە شێوەیەکی تیۆری بچنە پاڵ ئەو ئەنتەرناسیۆنالیزمەوە کە خەبات و خواستە نەتەوەییە ڕزگاریخوازییە کۆنکریتی و بەرجەستەکانی نەتەوەکەی خۆیان فەرامۆش بکەن. لەبەر ئەوە ماو وتارە گرنگەکەی خۆی نووسی تا ڕووبەڕووی ئەو خەڵکانە ببێتەوە خۆیان وەک مارکسیست گۆڕیوە و دەیانەوێت 'پرسی نەتەوەیی سەرنگون بکەن'. لینین هەمان خەباتی لە دژی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و سۆسیال دیموکراتە هۆڵەندییەکان کرد».

لە ڕاستیدا ئەوەی دژی خواستە نەتەوەییەکان لە شۆڕشی ڕووسیا گەڕایەوە، سەردەمی لینین نەبوو، بەڵکو سەردەمی شۆڤینیزمی ستالین بوو و دژ بە نەتەوە بچووک و بندەستەکانی دیکە بۆ ماوەیەک لەژێر ناوی گاڵتەکردن بە ناسیۆنالیزم و پەرەپێدان بەم ئایدیایە لەناو گەلە بندەستەکاندا، و یەکسانکردنی هەموو ناسیۆنالیزمەکان وەک یەک، بۆ نموونە ناسیۆنالیزمی هیتلەر بە ناسیۆنالیزمی گروپێکی بچووکی ژێردەست کە خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکات، ئەو تیۆرە شۆڤینیستییە بوو، کە لینین هەر زوو سەبارەت بە ستالین درکی پێ کردبوو.

ئێستا کە بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەمان، کاتێک حیکمەتیستەکان لەناو کوردەکاندا پەرە بە ئایدیای «ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت»

دەدەن و لەم ڕێگایەشـەوە حزبی کۆمەڵەیان وەک ناسیۆنالیست لە قەڵەم دا و ئێســتاش وەک باڵی فاشــیزم و ناســیۆنالیزمی قەومیی کوردی دەبینن، ئامانجەکە بۆ دابەشکردنی زیاتر و لەبیر بردنەوەی خواستە کۆنکریتییەکانی کوردە لە ئێران، جا ئەو خواســتانە بە هەر جۆرێک خۆیان دەربخەن. کاتێک چەپێکی گەلی سـەردەست دێت لەناو گەلە بندەستەکاندا پروپاگەندەی دژە-ناسیۆنالیستی دەکات، لە کۆی تیۆری مارکسیستیدا، وەک لینینیش ئاماژەی پێ کردووە، بەشداری لە سیستەمەکانی زیاتری سەرکوتدا دەکات.

جگە لە پەرەدانی زیاتر بە ســەرکوتی چین و هێز و گەلی باڵادەســتی ئێران بەســـەر نەتەوەکـانی دیکە، هـاوکـات فۆرمێکی دیکەی ڕەوایەتیـدان بە نوێنەرایەتیکردن دەباتە پێشەوە بۆ نموونە بە هۆی ئەوەی گەلە بندەستەکان هەرگیز لەبەر هەموو هۆکارە ئۆبژێکتیڤ و بابەتی و مێژوویی و زەینی و کولتوورییەکانەوە نەیانتوانیوە پەرە بە ژێرخانی ئابووری و ســـەرخانی کولتووری و فەلسەفەی سیاسی بدەن، ئەوانی دیکە، کۆمۆنیستە ئێرانییەکان هەمیشـــە هاتوون ڕابەرایەتیی کوردەکانیان کردووە، بەو مانایەی چۆن ئەوروپییەکی ســـپیپێســـت هەمیشـــە پێی وا بووە ئەفریقییەک توانای نوێنەرایەتیکردن، داهێنانی هونەر و فیکر، بەرهەمهێنانی شــارســتانێتی نییە، ئەوا ئێمە دەتوانین ئەم پرۆســـەیە بۆ ئەوان ئەنجام بدەین و لەژێر ناوی پرۆســەی بە شــارســتانیکردنی گەلە کۆڵۆنیزەکراوەکاندا، ئەوروپییەکان هەم ئەو گەلانەیان لە ئەگەری پێشکەوتن ڕاگرت، هەم قڕیان کردن و کوشتاری بەکۆمەڵیان تێدا ئەنجام دان و هەمیش بۆ هەمیشـــە وەک ڕابەری ڕۆحی، کولتووری، فیکری و سیاسیی ئەوان مانەوە.

ئەمە هەمان ئەو پرۆسـەیەیە بە لەقاڵبدانی خەباتی کوردەکان، بەتایبەت کۆمەڵە، وەک پێشکەوتووخوازترین ڕەوتی چەپ لە مێژووی کوردستاندا و خەباتگێڕترین و قوربانیدەرترین بزووتنەوە، بەڵام بینینیان وەک ناسیۆنالیست، ڕاسترەو، فاشیست، عەشیرەتچی، و هتد، هەمان پرۆسەی هەم تواندنەوە و لەناوبردنی خواستە نەتەوەییەکانی کوردەکانە و هەمیش هێشتنەوەیانە لەژێردەستی باڵادەستی ئێران و پاشان لاوازکردنی بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران.

دیسان ڕیشەیەکی دیکەی ئەم بە پاشکۆکردنەی چەپی کورد بۆ چەپی ئێرانی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە گەلانی سەردەست ڕێگا نادەن ژێردەستەکان بە زمانی خۆیان، خۆیان دەرببڕن، یان وەک بکەری سیاسیی سەربەخۆ ببینرێن. **فرانتز فانۆن** وەک هەمیشە کۆمەک بە تێگەیشتن لەم پرسە دەکات. فانۆن پێی وایە هەژموونی کۆلۆنیالیستی بە سێ قۆناغ دروست دەبێت:

یەک، پەیوەندیی هێزی کاری لۆکاڵی بە کەسی کۆلۆنیالیستەوە، کە وا دەکات وزەی بەرەنگاری و شۆڕشگێڕیی بۆ گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگایەکی کۆلۆنیزەکراودا بکوژێنێتەوە. بەو مانایە وڵاتی کۆلۆنیالیست هەمیشە هانی کرێکاری وڵاتی سەردەست دەدات ڕابەرایەتی کرێکاری گەلی ژێردەست بکات و لەو ڕێگایەوە وزە شۆڕشگێڕە چینایەتییەکەی بۆ ڕزگاری بکوژێنێتەوە.

دوو، ڕۆشنبیری کۆلۆنیزەکراو، کەسایەتییەکی سازشکارە، ڕۆڵێکی بنچینەیی لەسەر جەستەی مرۆڤی نەفرەتلێکراودا دەگێڕێت، لەم ڕووەوە بانگەشەی نوێبوونەوەی کولتووری دەکات تا بەرەنگاریی سیاسی لە بار بەرێت. بەو

مانایە، کولتوورێکی بێزیان شـوێنی سـیاسـەتێکی ڕاشـکاو بۆ گۆڕانکاری دەگرێتەوە. ڕۆشـنبیری کۆلۆنیزەبوو دەبێتە پردی پەیوەندیی پێکگەیشـتنی مرۆڤی کۆلۆنیزەکراو بە کەسـی سـەردەسـتی کۆلۆنیالیسـتەوە، زاراوە و چەمکەکانی ژیانی کۆلۆنیالی وەردەگێڕێتە سـەر زمان، چەمکەکان و سـیاسـەتێکی بیرلێکراوەی دەسـەلاتی کۆلۆنیالی. ئەم کارەکتەرە هەموو شتێکی وڵاتی کۆلۆنیالیست لەپێش چەمکە ناوخۆییەکان دەبینێت، بە هەموو شتێکی سەرسام دەبێت، نووسەرە لاوەکییەکانی وڵاتی کۆلۆنیالیست دەباتە ئاستی فەیلەسوفە مەزنەکانی جیهان، لەم ڕووەوە خۆشی وەک خوێندکاری ئەو نووسەرانە، تا ئاستی بەرزەمرۆڤ بەرز دەکاتەوە، هەڵبەت نەک بەسەر کەسی کۆلۆنیالیستەوە، بەڵکوو بەسەر جەماوەری کۆلۆنیزەکراوەوە.

سـێ، لومپەن پرۆلیتاریا، چەمکێکە فانۆن لە مارکس وەریدەگرێت کە شـیکارییەکی دیالەکتیکییە و وەریدەگێڕێتە سـەر هەلومەرجەکانی کۆلۆنیالیزمەوە. لومپەنەکان ئەگەر لە زاراوەی مارکسـیسـتیدا تێکدەری شـۆڕشـەکان بووبێتن، لە هەلومەرجی کۆلۆنیالیدا دەبنە ئاڵاهەڵگر و جانتاهەڵگر و شـەقاوەکانی وڵاتی کۆلۆنیالیسـت. ئەم گرووپە بەگوێرەی ڕۆژگار پێگەیان دەگۆڕێت، لە فەلاحەوە دەبنە دەسـەلاتدار، تا بەربەسـت لە بەردەم هەموو جووڵەیەکی دژە-کۆلۆنیالی دروست بکەن. بەبێ کۆلۆنیالیزم، لومپەن پرۆلیتاریای کۆلۆنیالیش بوونی نابێت. لەناو لومپەن پرۆلیتارەکاندا، کە ڕۆشـنبیرانی کۆلۆنیالیسـت و ڕۆشـنبیرانی کۆلۆنیزەکراو لە سـەریانەوە دەوەسـتن، هانیان دەدەن بە دژی هەر شـتێک ڕاپەڕن کە هەژمموونی کۆلۆنیالیسـتی بخاتە مەترسـییەوە. بۆ نموونە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کۆلۆنیالیست هیچ کات ڕاستەوخۆ پەلاماری

ژێردەســـتەکان نادەن، هیچ نەبێت لە ســـەردەمی نوێدا، بەڵکوو ئەو کەســانە ڕادەسپێرن ئەم کارە بکەن کە پێشتر هەژموونیان بە سەریانەوە کراوە، واتا هاوزمانە کۆلۆنیالیزەکراوەکانی گەلی کۆلۆنیزەکراو خۆیان بۆ ئەم شـــەڕە بەگەڕ دەخرێن.

بەڵام هەروەها وەک ***گایاتری سـپیڤاک***، فەیلەسـوفی هیندی-ئەمریکیی دژە-کۆلۆنیالیســـت لە وتارە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی «ئایا ژێردەســـتەکانیش دەتوانن بدوێن؟» تیۆریزەی کردووە، بە شـێوەیەکی بەناوبانگ ڕسـتەیەک دەردەبڕێت کە دەتوانین بۆ زۆر شـــوێنی دیکە بیگشـــتێنین: «پیـاوانی سـپیپێسـت ژنانی ئەسـمەر لە دەسـت پیاوانی ئەسـمەر دەپارێزن». دەتوانین چی لەمەوە فێر ببین؟ بەڵێ وەک گوترا دەکرێت بۆ زۆر شوێن کێش بکرێت، هەم لە بواری ئەکـادیمیـادا، کە هەمیشـــە گروپە ســـەردەســـتەکـان بۆ ژێردەســـتەکان دەدوێن، تا دەگاتە ڕۆڵی نووســـینی پیاوان بۆ ژنان، بەو مانایەی بەشـێک لە فەیلەسـوفانی پۆسـتمۆدێرنیسـت لە پرسـی نیچەدا باسـی کردووە: «نیچە هەرچی دەنووسێت وەک ژن و بە دەستی ژن دەنووسێت» بۆ ئەوەیە کە بەڕاسـتیی ژن بۆ خۆی نەنووسـێت، مادام پیاوێک هەیە بۆیان دەنووســـێت. یاخود ئەگەر بەم جۆرە دایبڕێژینەوە، مادام ئەو هەموو پیاوە خاوەن ئیمتیازە باشــە هەن بۆ ژنان دەنووسـن یان وەک ژن دەنووسـن، چ پێویســـت دەکات لە بنەڕەتدا ژنان بوونیان هەبێت و بنووســـن؟ بۆ دەبێت گوێیـان لێ بگرین؟ لێرەوەیە گروپە ژێردەســـتەکـان مـافی لێدوانیـان لێ وەردەگیرێتەوە.

گومان لەوەدا نییە کورد لە ئێران گەلێکی ژێردەستەیە، وەک پێشتریش باس کرا، بە هۆی ئەو بـارودۆخەی کۆلۆنیـالیزم ســـەپـاندوویەتی، بە ڕەهەندە

کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانییەوە، ژێردەستەکانی لەژێر هێڵی گەشەسەندندا هێشتووەتەوە و لێرەوە دەرفەتی گەشەسەندنی زمان و بیرکردنەوە بە شێوەیەکی یەکسان گەشەی نەکردووە، بۆیە ڕۆشنبیرێکی گەلی سەردەست زۆر بەسانایی دەتوانێت بۆ گەلی ژێردەست بدوێت، تا لە بنەڕەتدا ڕێگە بگرێت لەوەی قسەکەری گەلی ژێردەست، یان گروپی ژێردەست سەر هەڵبدات. سەرهەڵدانی چەپی ئێرانی و باڵادەستبوونی لەناو چەپی کورددا، بەوەدا بەدرێژاییی سێ دەیە هەر ئەو چەپە بۆ چەپە کوردەکان قسەی کردووە، بۆ ئەوان تیۆری داڕشتووە، بۆ ئەوان بیری کردووەتەوە، دابەشی کردوونەتە سەر گروپی جۆراوجۆر، بە پاشکۆی کردوون، توانای گەشەسەندنی یەکسانی هزری لێ سەندوونەتەوە، هەمووی لەژێر کاتیگۆریی «بێدەنگکردنی ژێردەستەکان»دا جێی دەبێتەوە.

تەنانەت لە تیۆری دیپلۆماسیی لیبراڵیشدا، تەداخولکردن لە کاروباری سیاسیی ناوخۆی حزبێک، وەک ئەتەکێتێکی ناشارستانی و نایاسایی و ناسیاسی دەبینرێت، کەچی حیکمەتیستەکان تا ئەم ساتەش واز لە پەیکەرەی کۆمەڵە ناهێنن و دەیانەوێت وەک بزنێکی قوربانی پارچە پارچەی بکەن. لێرەوەیە ڕیشەی کۆلۆنیالیستی چەپی ئێرانی خۆی ئاشکرا دەکات و ماسکەکەی دەکەوێت. ئەگەر چەپ بن، لە مارکس و لینینەوە فێر ببن، ئەگەریش پێتان وایە ئەوان چەپ نەبوون، ئەوە پرسێکی دیکەیە و لە کاتیگۆرییەکی دیکەدا جێگای دەبێتەوە.

بەڵام کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤە کۆلۆنیزەکراوەکانیش خۆیان وەک بکەرێکی سیاسی و چالاک ببینن و بۆ خۆیان بدوێن. نەک ئەوی دیکە بۆیان بدوێت. تیۆری نوێنەرایەتیکردنی ئەوی دیکە، ئەو ئەوی دیکەیەی لە تیۆری

کۆلۆنیالیســـتیدا توانای قســـەکردنی نییە، دەبێت کۆتایی پێ بێت و «ئەوی دیکە» ئیتر زمان و بکەرێتی چالاکانەی ســیاســیی خۆی بخاتەگەڕ. تەنها و تەنها لێرەدا دەکرێت پرســی هاوپشــتی و هاوڕێیەتی و یەکگرتوویی بهێنینە ئاراوە. کاتێک چەپێکی مارکسـیسـتی کۆمەڵگا و خەڵکێکی ژێردەسـت خۆی بۆی نەبێت بدوێت و چەپی ئەوی دیکە «ئێرانی» بۆی بدوێت، هیچ هیوا و نیشانەیەک بۆ یەکگرتوویی و هاوڕێیەتی تێدا نییە، دیالەکتیکی ئاغا و کۆیلە، یان لە زمانە باوەکەدا «برا گەورە و برا بچووک» باڵادەســـت دەبێت و مارکسیست و چەپەکانی وڵات و خەڵکی ژێردەست، هەمیشە دەست لەسەر سینە چاوەڕوانی ڕەحم و بەزەییی چەپی گەلی سـەردەست دەبن «خێرێکی تیۆریانەیان پێ بکات».

# سەرچاوەکان:


Anton Pannekoek, Klassenkampf und Nation, Reichenberg 1912.

Benedict Anderson, Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism, Verso, London, 2016.

Frantz Fanon, *Black Skin, White Masks*, translated by Richard Philcox, Grove Books, New York, 2008.

Gayatri Chakravorty Spivak, Can the Subaltern Speak? Edited by Rossiland Morris, Columbia University Press, 2010.

John Riddell, ed., Founding the Communist International, New York: Pathfinder, 1987.

Karl Marx, *Capital,* translated by Ben Fowkes, introduced by Ernst Mandel, vol 1, Penguin Classics, London, 1990.

Karl Marx, The German Ideology, Moscow 1964.

Lenin, ‘A Caricature of Marxism and Imperialist Economism’, *Zvezda*,October 1916, *Collected Works*, vol. 23, p. 60.

Lenin, ‘On the Right of Nations to Self-Determination’, Collected Works, Vol. 20.

Walter Rodney, How Europe Underdeveloped Africa, Verso, London, 2018.